# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ماچی هەندێک لە خێزانەکانی کرد، پاشان دەرچوو بۆ نوێژکردن ودەستنوێژی نەگرت

لە عروەی کوڕی زوبەیرەوە، کە عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ماچی هەندێک لە خێزانەکانی کرد، پاشان دەرچوو بۆ نوێژکردن ودەستنوێژی نەگرت». عروە دەڵێت: ووتم: ئەو خێزانەیە کێیە، ئەگەر تۆ نەبیت؟ ئەویش (عائیشە) پێکەنی.

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ماچی یەکێک لە خێزانەکانی کرد، وپاشان چوو بۆ نوێژکردن ودەستنوێژی نەگرت. وعروە -ڕەزای خوای لێبێت- کە ئەم فەرموودەیەی گێڕاوەتەوە لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- لەم فەرموودەیە تێگەیشت وزانی ئەو خێزانەی لەم فەرموودەیەدا باسکراوە عائیشەیە -ڕەزای خوای لێبێت-. پاش ئەوەی پێی ووت عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- پێکەنی ئەمیش وەکو دانپێدانانێک بۆ تێگەیشتنی لەم فەرموودەیە. (ودەستنوێژی نەگرت): وئەمیش بنچینەیە، ئەگەر پیاو دەست لە خێزانی بدات وماچی بکات دەستنوێژی ناشکێت بەهیچ شێوەیەک، ئەگەر بە شەهوەتەوە بێت یان بێ شەهوەت؛ چونکە بنچینە مانەوە وبەردەوامی دەستنوێژە، بۆیە نابێت بووترێت دەستنوێژ دەشکێت مەگەر بە بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە بێت، وهیچ بەڵگەیەک نییە لەوەی دەستدان لە ئافرەت دەستنوێژ دەشکێنێت وبنچینەیە مانەوەی دەستنوێژەکەیە، وسەبارەت بەو ئایەتە کە خوای گەورە دەفەرموێت: {أَوۡ لَامَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ}[النساء: 43]، واتە: {یان جووت بوون لەگەڵ خێزانەکانتاندا}، ڕای پەسەند ئەویە: ئەم ئایەتە مەبەست لێی جیماع کردنە ولە خوێندنەوەیەکی تردا، {أَوۡ لَمستم ٱلنِّسَآءَ}، واتا مەبەست جیماع کردنە، هەروەکو ئیبن عەباس وکۆمەڵێک لە زانایان فەرموویانە. چونکە زۆرجار ماچکردنی هاوسەر بە شەهوەتەوەیە، وئەمیش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە دەستلێدان لە هاوسەر بە شەهوەتەوە دەستنوێژ ناشکێنێت، مەگەر ببێتە هۆی هاتنە خوارەوەی مەنی* یان مەزی**؛ ئەوا لێرەدا دەستنوێژ دەشکێت، ئەگەر مەنی دەربچێت پێویستە خۆی بشوات (غوسڵ) بکات ودەستنوێژ بگرێتەوە، وئەگەر مەزی دەربچێت پێویستە تەنها ئەندامی زاوزێ وگونەکان بشوات ودەستنوێژ بگرێتەوە. *(مەنی: ئاوێکی سپی لینجە وبۆنێکی بەهۆی شەهوەتەوە یان پاش جیماع کردن لە ئەندامی زاوزێوە دەردەچێت)، **(مەزی: ئاوێکی بێ ڕەنگی لینجە وبۆنی نیە زۆر جار پێش جیماع کردن بە هۆی شەهوەتەوە لە ئەندامی زاوزێوە دەردەچێت).

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8395